

# تەلەفزیۆن و منداڵ و کاریگەریەکانی

گەشاوە جاف

بوونی کەناڵی تایبەتمەند بە منداڵان و بەرهەم هێنانی بەرنامەی تایبەت بەم بەشە هەرەگرنگ و هەستیارەی کۆمەڵگا کارێکی ئاسان نییە . ئەوانەی کەلەم بوارەدا کاردەکەن، زۆر کاریگەرانە و وورد برەو بە بەربڵاوکردنی دنیای منداڵ و خەیاڵەکانیان دەدەن . ئەمەش لە رێگەی ئەو بەرنامانەی کە بەرهەمی دەهێنن . لە ڕێگەی ناوەڕۆکی بەرنامەکان و پەیامی بەرنامەکانەوە دەبینرێت کە تەمەنی منداڵ لەبەر چاو دەگیرێت ، هەروەها جیاکاری تەواو بە بەرنامەکانەوە دیارە لە ڕووی شێوا ز و ناوڕۆکەوە . ئامانج لە بوونی ئەم کەناڵە تایبەتمەندە بە منداڵان زیاتر قوڵبوونەوەیە لە بەدەرخستنی توانا کانیان و برەودانە بە کەسایەتی خوودی منداڵ لە تەمەنە جیاوازەکاندا . هەربۆیە ئەوانەی لەم کەنالەدا کاردەکەن دەبێت زۆر بەئاگاوە ئامانجی بەرنامەکانیان ئاڕاستە بکەن ، لەبەر ئەوەی بەرنامەکان نەبنە هۆی شیواندنی هیزری منداڵان، بەڵکو ببنە هۆی گەشەکردنێکی دروستی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی مندالان .

هەرچەندە بوونی ئەم کاناڵە تایبەتمەندە بە منداڵان گرنگی زۆری هەیە ، بەڵام وەک هەر شتێکی تر دووڵایەنی هەیە ، مەبەست لە لایەنی سوودبەخش وهەروەها لایەنی زیانبەخشە . لێرەدا ئەمەوێت تیشک بخەمە سەر لایەنە زیانبەخشەکە ی ئەو ئاڵۆزیانەی تووشی منداڵ دێت لە کاتێکدا گەر بەبێ بەرنامە رێژی تەماشای تەلەفزیۆن بکات و ئەو گاریگەریە نەرێنیانەی کە لەسەر کەسایەتی ئەو مندالە بەجێ دەهیلێت . لەبری ئەوەی سوودی پێ بگەیەنێت تووشی چەندەها کیشە و شێوانی دەروونی و کەسایەتی دەکات . بەتایبەتی دووساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵ لە ژیاندا بە پڕبایەخترین و هەستیارترین کات دادەنرێت بۆ گەشەکردنی مێشکیان ، تەلەفزیۆن ئەتوانێت ببێتە ڕێگرێک لەبەردەم ئەم گەشەکردنەدا . لێرەدا ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرکی دەدەم کە کاریگەری نەرێنیان دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت .

خراپ ڕەفتارکردنی منداڵ بەهۆی زۆری تەماشاکردنی تەلەفزیۆن :

لەم ساڵانەدا چەندەها لیکۆڵینەوەو بەدوواداچوون ئەنجام دراوە لەسەر هەڵسووکەوتی منداڵان لە تەمەنە جیاوازەکاندا لە کۆی ئەو ڕێژەیەی کە بەشداری لیکۆڵینەوەکان بوون ، دەرکەوتووە کە ئەو مندالانەی زیاتر لە دوو کاتژمێر بەدیار تەلەفزیۆنەوە دادەنیشن بەتایبەتی کە تەمەنیان لە نێوان دە ساڵ بۆ یانزە ساڵە ، شەنسی زیاتریان هەیە کە کێشەی دەروونیان بۆ دروست ببێت ، هەروەها جووڵەی جەستەیان زۆر کەم دەبیت و چست و چالاکیان لەدەست دەدەن بۆ ماوەیەکی زیاد لە پێویست . کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێشیان زیاد ببێت منداڵیکی تەندروست نەبن . هەرلە درێژەی بەدواداچوونەکانیاندا ئەو خاڵەیان بۆ ڕون بوەتەوە کە ئەو منداڵانەی بەرێژەیەکی لە رادەبەدەر تەماشای تەلەفزیۆن یان یاری کۆمپیوتەردەکەن زیاترین کێشەی دە روونیان تێدا بەدی دەکرێت . هەروەها ئەو منداڵانەی زۆرترین جم وجووڵ دەکەن ونائارامن رەفتاریشایان لەگەڵ دەورەبەر و هاوتەمەنەکانیان زۆر باش نیە ، گەر بەراوورد بکرێن بە هاوتەمەنە کانیان کە رێژەیەکی زۆر کەم یاری کۆمپیوتەر یان لەبەردەم تەلەفزیۆن دادەنیشن . ئەوانەی کە زۆر بەکەمی سەیری تەلەفزیۆن یان یاری کۆمپیوتە ریان کردبوو منداڵیکی

دڵخۆش بوون و کێشەی دەرونیان نەبوو .
ڕێژەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و یاری کردن بە کۆمپیوتەرو ئای پاد بە پێ تەمەنەکان جیاوازیان هەیە . بەگشتی منداڵ دەبێت کەم تر لە دوو کاتژمێر کات لەگەڵیان دا بەسەر بەرێت ، بەڵام بۆ تەمەنی خوار دەساڵ ڕێژەکە دەگۆڕێت بۆ کەمتر لە کاتژمێرێک . چونکە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی لەسەر گۆڕانکاری ڕەفتار کردنی منداڵ لە باشەوە بۆ بەرەو خراپتربردن ، بەتایبەتی لە کاتێکدا ئەم گرفتانە سەر هەڵ ئەدەن کە زیاد لە پێویست تەماشای تەلەفزیۆنیان کردوە ، بەتایبەتی لە تەمەنی دووساڵ بۆ سێ ساڵی . چونکە هەروەک لە پێش دا ئاماژەم پێ داوە دووساڵی سەرەتای تەمەنی منداڵ پڕبایەخترین و هەستیارترن کاتە بۆ گەشەکردنی مێشک لەبەر ئەوە دەبێت زۆر بەئاگایانەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت .
زیاد سەیرکردنی تەلەفزیۆن هۆکارێکە بۆڕێگرتن لەم گەشە سروشتیەی مێشک ، بۆیە لەڕێگەی ئەم نیشانانەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە لەم تەمەنە دا لەلایەنی ڕەفتار کردن و هەڵسووکەوتیانەوە کێشەیان بۆ درووست دەبیت . بۆنموونە شەرەنگێزدەبن ، نائارام یان هارن ، کێشەی تەرکیز نەکردنیان دەبێت و هەروها گوێرایەڵ نابن .
ئەم کێشانە لە کاتێکدا سەر هەڵ ئەدەن کە بەبێ بەرنامەڕێژی دروست تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن وە ئەگەری ئەوە زیاد دەبێت کە خوو بەم ڕەفتارانەوە بگرن و ببێتە بەشیکی هەرە سەرەکی لە کارەکتەری کەسێتیان ،وە لە گەورەبوونیاندا دەبێتە هۆی ئاڵۆزی هەلسووکەوت کردنیان لە گەڵ هاوتەمەنەکانیان بەتایبەتی لە قوتابجانە یان لە شوێنی یاری کردن لەگەڵ منداڵانیی تردا . کەواتە دەتواننی بڵێن کە توانای لێک نزیک بوونەوە تێکەڵاویان کەم دەبیتەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە زەرەرمەند دەبن .
لەم بارەیەوە خاتوو مارینا ڤیرلیندن لێکۆڵەرەوە و سەرۆکی بەشی دەروونی منداڵ و نەوجوانان لە ئێرئەسمس ئێم سی سۆفیا دەڵێت" هەرچەندە ڕوون بوە کە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن گرفتی رەفتار لای منداڵان دروست دەکات بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە دەچنە قوتابخانە . بەڵام بە ووردی لیکۆڵینەوەی لە بارەی منداڵی تەمەن دووساڵ ئەنجام نەدرابوو . بۆ یەکەمجار ئێمە هەستاین بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ووردو درشت و لە دەرئەنجامدا بۆمان دەرکەوت کە هەر لە منداڵیەوە کاریگەری خراپی دەبیت و ئەو گرفتانەی لەو تەمەندا سەر هەڵ دەدەن تێیاندا گەشەدەکات بە شیوەیەکی زۆر نەرێنی. لە بەر ئەم هۆکارەش بە پێویستی دەزانێت کە دایک و باوکان ئاگاداری منداڵە بچووکەکانیان بن و نەهێلن ئاڵوودەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ببن . لە بری ئەوە هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵیان یاری بکەن کاتەکانیان بە هەندێ چالاکی سوود بەخشەوە بەسەر بەرن" .
منداڵانی تەمەن دووسال زیاتر پیویستیان بە جمووجوڵی جەستەی هەیە بۆ گەشە کردنی مێشکیان بە شیوازێکی سرووشتی . بۆ نموونە یاری کردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان زیاتر فێری شتەکانی دەوروبەریان دەکات ، تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکان ئەزموونی نوێ یان فێر دەکات . هەروەها لەلایەنی زمانەوانیشەوە زووتر فێری ووتنەوەی ووشەکان دەبن لە گەورەکانەوە ، ئاسانتر فێری گفتووگۆکردن دەبن هەروەها منداڵێکی کەم دوونابن . بەبەراورد لەگەل منداڵیکی هاوتەمەنیان کە زۆر بەی کاتەکانی بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ گەیم و ئای پادەوە بەسەر دەبات .
هەندێک لە بەرنامەی منداڵان هەیە کە سوودێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت بە منداڵی ئەم تەمەنە مەبەست دوو ساڵە و دەبیتە هۆی ڕیگری لە جمووجوڵ و گەشەنەکردنی خانەکانی مێشکی . هەروەها کاتێکی زیادی منداڵەکە دەبات کە پێویستی پییەتی بۆ بوونیاتنانی تواناکانی وەک زمان ، ئەفراندن ، و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەمانە ئەو توانایانەن کە لەیەکەم دووساڵی تەمەنی هەر منداڵیک دا گەشە دەکەن و بە کاتێکی زۆر هەستیارە ناودەبرێت دەبێت بزانرێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن دایک و باوکانەوە. لەم قۆناغەدا برەودان بەتواناکانیان دەکرێت لە ڕێگەی یاری کردن و گەڕان و گفتووگۆکردن بێت چونکە مێشکیان باشتر و تەندروستر گەشە دەکات . بە پێچەوانەی ئەو چالاکیانەوە کە مێشکی منداڵ سست دەکات و توانای فکری و لێکدانەوەی فکر ی نابیت و خەیاڵیان بەکار ناهێنن.
بێجگە لە جم وجوڵ کردن هەروەها کاتی خوێندنەوەیان ناهێڵێت . بەتایبەتی ئەو منداڵانەی لە قۆناغی بنەرەتیدان ، ئاستی خوێندنەوەیان لاوازترە لەوانەی کە کاتی زۆریان بۆ تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەرو ئای پاد و گەیمە ڤیدیۆ ییەکان تەرخان نەکردوە . ئەم دیاردەیەش لە تەمەنی پێنج ساڵی دا بە ڕوونی دەردەکەوێت .

ئەو منداڵانە ی کە زیاد لە پیویست کاتەکانیان تەرخان دەکەن بۆ تە ماشاکردنی تەلەفزیۆن ، ئەرکەکانی قوتابخانەیان بەجی ناهێنن و گوێ لە مامۆستا ناگرن لە کاتی وانە وتنەوەدا ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕاهاتوون بە دەنگ و وێنەی جووڵاو لە تەلەفزیۆندا ، و کەم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکانیان دەدوین و کورت ترین ماوەی تەرکیزیان هەیە . زیاتر لە ڕێگەی چاوەوە شتەکان فێردەبن نەک لە ڕێگەی گوی گرتن. ئەمەش تواناکانیان کەم دەکاتەوە فێری زانیاری وەرگرتن نابن لە وانەکانیان دا ، هەروەها کاتی خەوتینیان لەدەست دەدەن مەبەست ئەوەیە کە لە کاتی پێویست دا ناخەون تا بتوانن لە ڕۆژدا چست وچالاک بن . دەرکەوتووە ئەومندالانەی پتر لە سێ کاتژمێر لە بەردەمی تەلەفزیۆن بەسەردەبەن کێشەی سلوک و سۆزداری و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان هەیە، ئەم کێشانەش لە تەمەنی حە وت ساڵی دا بە ئاشکرا لە کەسایەتیان دا خۆی نمایشت دەکات. زۆرجار دەبنە هۆی پشێوی و نائارامی لە پۆلەکانی فێرگەکاندا . بەدەر لەم هۆکارە لێرەدا لەوانەیە هەرگیز بیرمان لێنەکردبێتەوە کە ئێمەی دایک و باوکیش زیان بە منداڵەکانمان دەگەیەنین بەمنداڵەنمان دەگەیەنین لە کاتێکدا بێ ئەوی بەخۆمان بزانین لەم بەشەی خوارەوەدا ئاماژەی پێ دەدەم .

دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆن لە ماڵدا زەرەمەندە بۆ تەندروستی مندال :

زۆرجار ڕوودەدات کە منداڵەکان لە ژوورەکەدا یاری دەکەن و تەلەفزیۆن داگیرساوە بۆ ئەوەی گوێت لە هەواڵی رۆژبێت یان هەوەک خویەک راهاتویت کە لە ماڵەوەبوویت تەلەفیۆن دابگرسێنیت بێ ئەوەی سەیری بکەیت وەک هاودەمێک یان دەنگێک لە مالەکەدات دا پێت خۆشە هەبێت . بەلام هەرگیز بیرت نەکردوەتەوە کە چ زەرەرێک دەگەیەنێت بە گەشەی مندالەکەت کە لە ژوورەکەدایە . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم زیانە کە بەمنداڵ دەگات بەبێ وویستی خۆی ، زانکۆی باکوری کارۆلاینە لیکۆڵینەوەیەکی ئەنجام داوە بۆ ئەم مەبەستەش 1450 کەس لەگەڵ منداڵەکانیان بەشداریان تێدا کردوە ، کە تەمەنی منداڵەکان لە نێوان هەشت مانگ بۆ هەشت ساڵ بوون . لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووەکە داگیرساندنی تەلەفزیۆن لە باکگراوندا زیان بە گەشەکردنی مندالان دەگەیەنیت ، چونکە دەنگی باکگراوەندی تەلەفزیۆن دەبێتە هۆکاری ئەوەی تەرکیز لای مندال کەم مەودا بکات یان توانای تەرکیز کردنی زۆر لاوازبێت . بەتێکرا منداڵان نزیکەی چوار کاتژمێر لە رۆژێکدا لەبەردەم مەترسیەکانی دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆندان ، جگە لەوەی کە لە پێشدا ئاماژەم پێدا زۆر تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بە ڕێژەیەکی زیاد لە بێویست کاریگەری نەرێنی دەبیت لە سەر ڕەفتاری منداڵ هەروەها سەلمێنراوەکە ئەمەش هۆکارێکیترە بۆ زیان بەخشین بە منداڵ و لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووەکە توانای زانستی لای منداڵ لاواز دەکات ئەویش لە ڕێگەی ڕووبەڕووبونەی منداڵ لەگەڵ دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆن بەبێ ویستی خۆی . بەتایبەتی کاریگەریە نەرێنی یەکەی هەست پێ دەکەیت لە کاتێکدا کە یاری لەگەڵ منداڵەکەتدا دەکەیت هەست دەکەیت کە مامەڵەی نێوانتان لە کاتی یاری کردندا بەرێژەیەکی بەرچاو بەرەو خراپی دەچێت ، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە مندالەکان بە خێرای خەیاڵیان دەڕوات یان تەرکیزی بۆ ناکریت یان توانای بەردەوامیان نامێنێت لەسەر ئەو شتەی کە پێوەی سەرقاڵ . ئەگەر ئەم دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆنە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت دەبێتە هۆی ڕێگرتن و دواکەوتنی گەشەسەندنی منداڵ .

زیاترئەم کێشەیە لە کاتی چوونە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا دەردەکەوێت کە مندال توانای ئەوی نابیت گوی بگرێت لە دادەکەی لەکاتی یاری کردن یان لە مامۆستاکەی لە کاتی وانە یان خەیاڵی دەڕوات ، یان ئاگای لە دەورەبەرەکەی نابێت ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کێشەی تەرکیزکردنیان هەیە . لەبەر ئەوەی گەر سەیری تەلەفزیۆنیشیان نەکردبێت هۆکارێکی تر هەردەم کە بوونی هەیە لەماڵەکاندا و بی ئەوەی منداڵ بیەوێت و زیانی لێ بدات ئەویش ئەوەیە کە بە دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆن بۆمبارد دەکرین .

لەکۆتاید دا ئەوەی کە گرنگە و ئەبێت زانیاری زیاترمان لەسەری هەبێت ئێمەی دایک و باوکان دوای خویندنەوەی ئەم بابەتە ، ئەویە کە هەوڵ بدەین بەرنامەڕێژی بۆ منداڵەکانمان بکەین لەژیانی ڕۆژانەیان دا . یاسا و ڕێسای ناو ماڵیان بۆ دابنێن و کاتەکانی تەماشاکردنی تەلەفزیۆنیان بۆ دەسنیشان بکەین ،بتوانین کاتەکانیان بە چالاکی جۆراوجۆر پربکەبکەینەوە بۆ نموونە ، یاری کردن لە دەرەوی ماڵ لە باخچەکان یان لەماڵەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان ، خویندنەوەی چیرۆک و گفتوگۆکردن لەگەڵیان .

هەوڵ بدرێت کە کاتێکی تەندرووست تەرخان بکرێت بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و یاری کردن بە ئای پاد و یاری ڤیدیۆیی ، ئەمانەش دەبێت لەژێر چاودێری دایک و باوکاندا بێت ئەو کاتەش لە نێوان یەک بۆ دوو کاتژمێر تێپەڕ نەکات . هەروەها دایکان و باوکان نابێت بە هیچ جۆرێک ئەو ئامێرانە لە ژووری نووستنی منداڵەکانیان دابنێن ، بە پێچەوانەوە لە شوێنی گشتی ماڵەکەدا بێت بۆ ئەوەی منداڵەکان تووشی هەندێ ڕووداوی نەخوازراو نەبن ، بەتایبەتی یاری ڤیدیۆیی و تەلەفزیۆن .
هەمیشە هەوڵ بدرێت کە روون کردنەوە بدەیتە منداڵەکەت پێش قەدەغەکردنی و زیان پێ گەیاندنی لەلایەکی تری دەروونیەوە ، بۆ نموونە منداڵەکە هەست بکات کە جێ ی باوەڕنیە یان تووشی پشێوی دەروونی بکەیت . دایکان و باوکان ئەبێت ئاگاداری ئەو خاڵەبن کە تەلەفزیۆن یان ئای پاد یان یاری ڤیدیۆیی ناتوانێت جێگەی خاڵی ئەوان بگرێتەوە ، بۆ نموونە کە باسی دەنگی باکگراوندی تەلەفزیۆن دەکرێت هەندێ جار تەلەفزیۆن لە ماڵەکاندا وەک دایەن بەکار دێت بۆ سەرقاڵ کردنی منداڵی ساوا و بێ دەنگ کردنی . دایکان و باوکان ئەو دوو کەسەن کە دەبێت کە دنیای خەیاڵی و واقیع بۆ منداڵەکانیان ڕوون بکەنەوە بەتایبەتی لەکاتی سەیر کردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ، لەڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوەیە منداڵ تێگەیشتنی بەهێزتر دەبێت .
گرنگترین خاڵ کە ئەمەوێت ئاماژەی پی بدەم ، ئەویش ئەوەیە هەوڵ بدەن منداڵەکانتان سەیری تەلەفزیۆن نەکات لەگەڵ خۆتان دا . چونکە ئەو بەرنامانە بۆ گەورەن بابەت و ناوڕۆک و وێنەکانی بۆ تەمەنی منداڵ ناگونجێت دایکان و باوکان دەبێت ئاگاداربن ، لەبەر ئەوەی زۆر جار دیمەنی شەڕەنگێزی و سێکس و کوشتن و برین یان هەندێ بەبابەتی تایبەت دەرووژێنرێت کە پێویست ناکات منداڵەکان تەماشای بکەن و تووشی حاڵەتی دەروونی ناجێگیریان بکات هەر لەبەرئەو هۆکارەیە کە زۆر بەی کەناڵە تایبەندمەندەکان بە منداڵان لە وولاتانی ئەوروپا لە کاتژمێر حەوتی بەیانی بۆ بۆ حەوتی ئێوارە پەخش دەکەن ، لەدوای ئەم کاتژمێرەوە منداڵ ئەبێت خەوتبێت . تا بتوانێ چالاک بێت بۆ ڕۆژی داهاتووی .
لەگەڵ ئەوەی کە تەلەفزیۆن تاکە بزوێنەری بە هێزە بۆ بەرهەم هێنانی لایەنی سوود بەخش و لەهامان کاتیشدا زیان بەخش ، ئەوە ئێمەی ڕاگەیاندکار و توێژەرەوەو دەروناسانین کە پشکی هەرسەرەکیمان بەردەکەوێت لە ئاگادارکردنەوەو پێدانی زانیاری بە تاکەکانی کۆمەڵگە کەمان بەگشتی و دایک و باوکان بەتایبەتی لەڕووی درووستی مامەڵەکردن لەگەڵ میدیا دا بەگشتی وتەلەفزیۆن بەتایبەتی.

**لەندەن / 2015**
**گەشاوە جاف**

سەرچاوە گۆڤاری پەروەردەی/ ئەمریکی
گۆڤاری فراوی/ هۆڵەندی
گۆڤاری زانستی دەروونی منداڵ و نەوجەوان/ هۆڵەندی